کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
10-2-2007 22:45 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# خەتەنەکردن کەمکردنەوەی ئارەزوو حەزی سێکسی ئافرەت، کچانی خەتەنە نەکراو لە مارەسەی سێکسی و جووتبووندا زیاتر چێژ وەردەگرن و چێژی زیاتریش دەدەن بە هاوسەرەکانیان ... بەختیار سەباح

baxtear@zarikrmanji. com



زۆربەی ئەو وتارو لێکۆڵینەوانەی لەسەر پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانی ڕەگەزی نێرو می، یاخود بڵێین لەسەر کێشەو مافەکانی ئافرەت دەنووسرێن. زێترخەتایەکە دەخەنە ملی پیاوو بە ناهەق وەسفی دەکەن، بەرامبەر بە پێشێل کردن و زەوتکردنی مافەکانی ڕەگەزی می، گوایا مافەکانی ژن لای ڕەگەزی نێرەو پێی ڕەوا نابینی، بەڵام سەیر لەوەدایە کاتێك ئافرەتێك بەدەستی خۆیەوە هەڵدەستی بەبڕینی ئەندامێکی جەستەی مناڵە کچەکەی (خەتەنکردن)، بەناوی پیرۆزیەوە، ئەوە خۆی کارەسات و تاوانێکە بەرامبەر هەمان ڕەگەزی هاوشێوەی خۆی دەیکات و هەندی جاریش قسەی لەسەر دەکەن. بۆ ئێمەش دەکری ببێتە بابەتێکی کۆمەڵایەتی و قسەی لەسەر بکەین. خەتەنکردن ئەو دیاردە ناشارستانی و قێزەونەیە کە تا ئێستاشی لەگەلدابی بەردەوامی هەیە لە نێو کۆمەڵگەی کوردی و زۆرەبەی خێزانەکان، دیاردەکەش زیاتر لە کۆمەڵگا دواکەوتوو تقلیدیەکان ئەنجام دەدرێت، بە تایبەتیش لەو کۆمەلگایانە کە پابەندی بیروباوەڕی ئاینی و وەکو فەرهەنگ و داب و نەریت بۆیان ماوەتەوە پەیرەوی لێدەکەن. یان لە کۆمەڵگا ئیسلامەکاندا پشت بەم دەقە ئاینیە دەبەستن کە دەڵێت: (بۆ پیاوان سوننەت و بۆ ئافرەتانیش ڕێزە)، بەڵام تاکو ئێستاش دەرنەکەوتووە کە مەبەست و ئاماژەیە بۆ خەتەنکردن. واتا دەقێکی ئایینی تەواو نیە کە باس لە لایەنە ئەرێنی و نەرێنیەکانی ئەو دیاردەیە بکات. تاکو ئەوەی لە ڕووی تەندروستیشەوە نەمان بینیوە نۆرینگەیەکی تایبەت بەخەتەنکردن هەبی و بە ڕێگایەکی زانستی کچان خەتەنە بکرێن، یاخود ڕاپۆرت لێکۆڵینەوەیەکی پزیشکی دەری نەخستووە لە باشی و خراپی خەتەنکردنی کچ، تەنها ئەوە نەبێت لە ڕووی جنسیەوە هەست و چێژی سێکسی لای ئافرەت کەم دەکاتەوە، ئەگەرنا هیچ بوونێکی تری نیە، بەڵکو بۆتە نەریتێکی لەمێژینەی هەندی لە کۆمەڵگاکان و بیانوی ئەوەی بۆ دەهێننەوە کە جلەوی ژن بگرن و ئارەزووی سێکسی بمرێنن. ئەسلی مەسەلەکەش ئافرەتان خۆیان بە کردارەکە هەڵدەستن و ئەنجامی دەدەن، کاتێك ئافرەتێکی بە ساڵاچوو بەبی هیچ ڕێنمایەکی تەندروستی و مادەیەکی بێهۆشکەر بە گوێزان یان چەقۆ هەڵدەستی بە بڕینی بەشێك لە ئەندامی زاوزێی مێینە، ئەمەش جگە لە گەیاندنی ئازارێکی زۆر بە جەستەی کچەکەو بەربوونی خوێنێکی زۆر لە شوێنی برینەکە، وە دوارۆژ کاریگەری خراپ دەکاتە سەر دەروونی ئافرەتەکە و ڕووبەڕووی کێشەی کۆمەڵایەتی دەکاتەوە. نازانی ئەمە یەکێکە لەو تاوانە گەورانەی کە دەرهەق بە مناڵ و ڕەگەزی می دەکرێت. شێرزاد حەسەن قسەیەکی جوانی هەیەو دەڵێت: (ئەوە دەستکاری خەڵقندیەکە کە خودا خۆی حەزی کردووە وای دروست بکات) . بۆیە ئەو کچانەی کە خەتەنە نەکراون لە مارەسەی سێکسی و جووتبووندا زیاترچێژ وەردەگرن و چێژی زیاتریش دەدەن بە هاوسەرەکانیان، وە کەمتریش لە ژیانی هاوسەریەتی تووشی کێشەو گرفت دەبن.

گۆڤاری (bang) ی سوێدی ئامارێکی دەرخستووەو باس لە خەتەنەکردنی ژنان دەکات و دەڵی:

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

(80-90 ملیۆن ژنی ئەفریقی خەتەنەکراون و لە 100% ژنانی سۆماڵی و جیبۆتی، لە 90%ی ژنانی سودان، ئەسیوپیا، ئیریتریا و مالی و سیریلۆنە خەتەنەکراون. بەڵام لە وڵاتانی ئەوروپی بە ئاشکرا کەس ناتوانی مناڵە کچەکانیان خەتەنە بکەن. ئەمەش ئەوە دەگەینێت هەندی لە کۆمەڵگاکانی تریش بەدەر نین لەو کێشە کۆمەڵایەتیەو ئازاردانی مناڵە کچەکانیان و غەدرلێکردنیان. جا ئەمە چ ئازایەتیەکە مناڵێك لەم تەمەندا بخرێتە ژێر چەقۆو بخەسێنرێت، هەر زوو ترسێك بخنە دڵی و سنورێك بۆ پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانی دابنێن. دەبی گوناهی ئەوانە چی بێت؟ بی دەنگبوونی ئەوان مانای ڕازیبوون نی یە، ئەوان جاری لە ژیان تێناگەن و هەست بەبوونی خۆیان ناکەن، ئەوان لە تەمەنێکی بچوکدان و، کاتێك گەورەش دەبن، تەنها ئەوەیان بۆ دەمێنیتەوە کە شەر لەگەڵ داب و نەریت کلتووری کۆمەڵگاکەیان بکەن و بەردەوام لە ملمڵانێ دابن. گلەیی زۆریش لە دایکان بکەن و کە چۆن بی ڕەزامەندی خۆیان خستیانە ژێر چەقۆو نەشتەرگەریەکی بی بنەما، یاسایەکیش نەبێت بەرگیریان لێبکات و مافەکانیان بسەنێتەوە، ئەوەتا لە کۆمەلگای سوێدی لە دوای ساڵی 1991 یاسایەك دەرچووە و خەتەنەکردن قەدەغەکراوە، وە بە یەکێك لە تاوانە گەورەکانی دژ بە ژنان دادەنرێت و سزاکەشی 2 تا 10 زیندانیە. خۆ دەکری ئێمەش ئەگەر بە یاساش نەبی، میکانزمێك بدۆزینەوە بۆ ئەوەی لەم ڕێگەیەوە خێزانەکان وشیار بکرێنەوەو لە ڕاستی مەسەلەکە بگەن.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.